کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-8-2007 21:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**جەلال تاڵەبانیش 2 گۆلی زێرینی ... لە مەسعود بارزانی کرد**

ئاسۆ بیارەیی/2007-8-12

تەنها هاوار مەلا محەمەد گۆڵی نەکرد بۆ ئەوەی سەری عێراقی عروبە بەرزبێتەوە، بەڵکو سەرۆکی فەرماندەش جەلال تاڵەبانی کە شەرەفی پاسەوانی بەوابەی شەرقی ئومەی بە خۆی سپاردوە، گۆڵێکی زێرین لە مەسعود بارزانی کرد و لە پەنا ئاڵای ئەنفالدا میوانداری کرد. دەبوو مەسعود بارزانی تێبینی ئەوەی بکردایە و دژی بۆچونی خۆی، بەو میواندریەتیە ڕازی نەبوایە، یان دیارە جەلال تاڵەبانی دەیەوێت بارزانیش تا سەر ئێسک وەکو خۆی بکاتە بە عەرەب. شایەنی باسە جەلال تاڵەبانی خاوەن گۆڵێکی ترە، کاتێک لایەکی



کوردی بە یەغنیش و نەفام ناوبرد، کە دژی جەلالیزم و ڕێکەوتننامەکەیانە لە گەڵ بارزانی. بەکارهێنانی ووشەی یەغنیش هەموو نەیارانی جەلال و جەلالیزم دەگرێتەوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان سەنگەری دژیان لێ گرتوون. کەواتە باڵە دژەکانی ناو ینک، فەریکە پارتییەکان و زۆر لایەنی تر کە ڕەوتی جەلالیزم پەسەند ناکەن، یەغنیش و نەفامن.

سەرچاوە:
http://www. asoxandan. com/Direje_K. asp?Babet=Hewal&Jimare=3638
http://www. xebat. net/article. php?id=9200

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.